# وەڵام بۆ ئەنیتای ئازیز*

محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

دەمەوێ سەرەتا بەناوی ستافی گۆڤاری (هەنار)ەوە سوپاسێکی گەرمی تۆی خۆشەویستو ئازیزان کاروان کاکەسوورو ئاراس ئەمیر بکەم، کە ئەم پەیوەندییەی ئێمەو تۆی بەرێزیان دروستکرد. سوپاس بۆ هەستی گەرمت بەرامبەر بە(هەنار)و بە کوردو بە جوانییەکانی سروشتو زمانو هونەری کوردیی. سوپاس بۆنامە دڵنشینەکەتو بۆ تابلۆ جوانەکانت. ئازیزم تۆ نووسیبووت: ((...من کوردستانیشم هەر لەرێگای سرووشتەوە ناسی..هەر زوو زانیم لەناو ئەو سرووشتە دلگیرەدا نەتەوەیەکی گەورە هەیەو تێیدا ئاسوودە ناژی..هەر زوو زانیم هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە ئەو نەتەوەیە لەناو سرووشتی خۆی بکرێتە دەرێ...)). بەڵێ سروشتی ئێمە زۆر دڵگیرە، بەڵام بەداخەوە دوژمنانمان کارێکیان پێکردووین لە خەیاڵدانی ئێمەدا دارەکانمان بزریکێننو ئاوەکانمان بگرینو بەردەکانمان خوێن لە لێویان بچۆڕێتەوە. وایان لێکردووین، زاڵترین بۆن لەنێو سروشتی رازاوەی کوردستاندا، لای خۆمان، لە روحو زاکیرەو خەیاڵدانماندا، بۆنی خوێن بێت. ئێمە شاعیرێکمان هەیە دەڵێت: (( لەکەناری هەر جۆگەیەكو لەسەر هەر بستە زەمینێكو لەژێر هەر گەزە ئاسمانێکی ئەم وڵاتە، خوێنی سەربازێکی وەنی ئێمە رێژراوە))[1]. گەرد بەگەردی ئەم وڵاتەی ئێمە خوێنی رۆڵە خێر لەخۆ نەدیوەکانمانی ئاوێتە کراوە. دوژمنانی ئێمە نەك هەر سروشت، بگرە ویستوویانە لەدنیاش بمانکەنە دەرەوە. راستە نەیانتوانیووە ئەو کارە بکەن، وەلێ توانیویانە نەهێڵن ئێمەش وەکو هەر میللەتێکی دیکەی دنیا، بۆ خۆمان بەئارامیی لەناو سروشتی خۆمانو لەناو دنیادا بژین. ئەوان بەو کارەیان هەر ئێمەیان ماڵوێران نەکردووە، بەڵکو خۆشیان ماڵوێران کردووە. چونکە لەبری ئەوەی قوتابخانە، یان باخچە، یاخود یاریگایەك بۆ خۆیانو بۆ منداڵەکانی خۆیان دروست بکەن، زیندانو وێرانەو گۆڕستانیان بۆ ئێمەو بۆ منداڵەکانی ئێمە دروستکردووە. ئەوان هەر ئێمەیان بەزیندانەوە سەرقاڵ نەکردووە، مێژووی خۆشیان کردووە بە مێژوویەکی پڕ لە زیندان. دەمەوێ بڵێم: ژیانی زیندانییو زیندانەوان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بگرە لە هەندێ رەهەندەوە ژیانی زیندانەوان لە ژیانی زیندانیی ناخۆشترە. زیندانیی لەژێر دەستی زیندانەواندا زیندانییەو زیندانەوان بەدیار زیندانییەوە زیندانییە. زیندانیی لەو دیوی زیندانو زیندانەوان لەم دیوی زیندانەوە زیندانییە. زیندانیی دەتوانێت تف لەو کەسە بکات کە زیندانی بۆ دروستکردووەو زیندانەوان دەبێت تف لەخۆی بکات. ئەمیان ئەو ژیانەی بەسەردا سەپێنراوەو ئەویان بەدەستی خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردووە. شاعیرێکی دیکەی ئێمە، لەشیعرێکی کورتدا زۆر جوان تەعبیری لە ماڵوێرانیی زیندانەوانەکان کردووە، ئەو شاعیرەمان دەڵێت: ((من لە نێو ژوورێکی تاکەکەسیو تاریکدا زیندانیم. دەلاقەیەکی بچوك لەسەر سینگی دەرگای داخراوی ئەو ژوورەیە. زیندانەوانەکەم جاروبار ئەو دەلاقەیە دەکاتەوە. کاتێ بۆ یەکتری دەڕوانین ئەو تاریکی دەبینێتو من رووناکی دەبینم))[2]. بەڵێ ئێمە چاومان لە رووناکیو ئەوان چاویان لەتاریکیی بڕیووە. هیوادارین بگەڕێنەوە لای ژیانی خۆیانو دەست لەیەخەی ئێمە بەربدەن. ئێمە دەمانەوێت، لەنێو سروشتی دڵگیری وڵاتی خۆمانەوە دەستی پڕ لە (گوڵ)مان بۆ دنیا درێژ بکەینو لەگەڵ خەڵکانی وەکو تۆی ئازیزدا تەوقە بکەین. دەمانەوێ ((کاتێ چووینە بەر پەنجەرەی دنیا بەخوێنەوە نەچین))[3]. دەمانەوێ لەبری ئەو شەڕەی بەزۆر بەسەرماندا سەپێنراوە، خەریکی شیعرنووسینو وێنەکێشانو مۆزیك ژەنینو گۆرانی چڕینو سەماو هەڵپەڕین بین. دەمانەوێت ئێمەش لەجوانکردنی دنیادا، پشکێکمان بەر بکەوێت. گرنگ ئەوە نییە ئەو پشکە گەورەیە یان بچووك، گرنگ ئەوەیە بەشداربینو بچینەوە ناو ئەو دنیایەی هەوڵیانداوە بە ناهەق بمانکەنە دەرەوە لێی. دووبارە سوپاستان دەکەینو هیوادارین دنیا لێوانلێو بێت لە مرۆڤی وەکو ئێوە. بەهیوای

پەیوەندیمان بۆ هەمیشە بەردەوام بێت.

***

*– ئەنیتا، هونەرمەندێکی شێوەکاریی دانمارکییە، چەند کارێکی خۆیو نامەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤاری (هەنار) ناردووەو لە ژمارە (20)دا بڵاوبوونەتەوە. ئەم سەروتارە کە لە ژمارە (21)ی (هەنار)دا بڵاوکراوەتەوە، وەڵامی ئەو نامەیەی ئەنیتایە.

1– مەبەست عەبدوڵا پەشێوو شیعری (سەربازی ون)ە.

2– مەبەست جەلالی مەلەکشاو شیعری (زیندانی)ە.

3– دەستەواژەیەکی (بەختیار عەلی)ە.